# بۆ ئەوەی نەکەوینە ناو نیهلیستیەتەوە



باران

نیچەی فەیلەسوف لە ڕوونکردنەوەیەکیدا بۆ دەستپێکی ئەو کتێبەی خۆی کە لەژێر ناونیشانی(ئیرادەی هێز) نوسیویەتی، سەبارەت بە واتای نیهلیستیەت دەڵێت»دۆخێکە تێیدا مرۆڤ دەکەوێتە دەرەوەی چەق و بەرەو شوێنێکی نادیار شۆڕدەبێتەوە» لە ڕاستیدا هایدگەریش هاوشێوەی نیچە، ئەویش پێیوایە «نهلیستیەت بریتیە لە بزربوونێك لە ناو ئەو گۆڕانکارییانەی، کە وەهمی گۆڕانکارین، یان لە ناو ئەو دەنگوباسانەی کە زۆربەیان درۆن، یان دەرئەنجامێکی تەمومژاوی ڕووداوگەلێکن کە ڕۆتینەڕووداوی ڕۆژانەن، یان ئەوەتا وەهمێکن لەناو خودی ئەو زاتانەدا کەڵەکە دەبن، کە هەمیشە بە مەعریفەی ڕووکەشەوە دەنازێن، هەموو ئەمانە لە بەرانبەر جۆرێك لە ڕەقیی و توندی و بەستەڵەکیی ناو خودی بوون خۆیدایە، ئەو بوونەی کە فەرامۆشکراوە، لە کاتێکدا بە هیچ کلۆجێك مانای ئەوە نییە ونبووبێت»

بە لای نیچەوە سەرجەم مەسەلەی نیهلیستیەت، لە داڕمانی بەها باڵاکاندا پوختدەکرێتەوە، ئەگەر بەو پێوەرە بێت: بۆنموونە کۆمەڵگەیەکی وەك کۆمەڵگەی کوردی، کە کۆمەڵێك بەهای باڵا لە ڕووی مۆراڵیەوە پێکیهێناوە،

هەر هەوڵێك بە ناوی شۆڕشێکی بێبەرنامە، یان هەر جووڵانەوەیەك لەژێر پاساوی ڕاپەڕینێکی فەوزائاسا، یان هەر کردەیەوەیەك بە هەوڵی گۆڕانکاری لە سیستم و بونیادەکاندا چ بە مەبەستی لادان لێی، یان بۆ هەوڵی داڕماندنی تەواوەتی، تێیدا پەنجەی سڕینەوە بۆ لابردنی ئەو بەها باڵایانە ببرێت، ئەو کاتە کوردستان دەبێتە کۆمەڵگەیەکی نیهلیستی، هایدگەریش پێیوایە خودی هەر بوونێك ئەو کاتە بەرەو نیهلیستیەت دەچێت، کە بە گشتی ئەو بوونە نەبووبێتە بەهایەکی باڵا، بەم شێوەیە دەکرێت بڵێین لە کوردستان جۆرێك یان بەشێك لە نیهلیستیەتی تێدا دروستبووەو دەشێت لەناوەندەکاندا بوونی هەبێت و لەلایەن هەندێ گرووپ و ڕێکخراوی توندڕەوی سیاسی و بزووتنەوەی سۆشیالەوە ئارەزووپێکراویش بێت، بەڵام بەهۆی جۆرێك لە فرە ڕەنگی و شێوازێك لە فرە دەنگی و سەبکێك لە بۆچوون و بیرکردنەوەکاندا، گەرچی ڕێژەییش بێ، ئەو نیهلیستیەتە نەگەیشتۆتە دوا ترۆپکی خۆی، بەڵام گەر نیچەییانە لێکیبدەینەوە نیهلیستیەت لە کوردستان شتێکە دەشێت بەم حاڵەی ئێستایەوە پێشبینیبکەین و چاوەڕوانی بین، هەر هزرێکی میتافیزیکی کە ناوەندێك دەجوڵێنێت، دەرئەنجام بەشێکی کۆمەڵگە فڕێدەداتە ناو واژەی نیهلیستیەتەوە، کەواتە نیهلیستیەت ئەو لاپەڕە سپییەیە، کە دەخرێتە پێش کۆمەڵگەیەکەوە کە بەهۆی وابەستەبوونی زۆری بە میتافیزیکەوە، بە خەتخەتۆکەی منداڵانە پڕدەکرێتەوە، ئومێدێك کە کۆمەڵگەی کوردی دووربخاتەوە لە نیهلیستیەت، بریتیە لەوەی چێژ و چەشەیەکی هونەری لە ناو زۆربەی خانەوادەکانی کۆمەڵگەکەدا بوونی مابێت، ڤاتیمۆ درکی بە شتێکی وەها کردبوو، کە هەر کاتێك کۆمەڵگە لە نێو چوارچێوەی بەدیهاتنی کردارەکیانەی لادراو لە ڕۆحی ڕەهای هیگڵیەتدا بخولێتەوە، لە



نیتچە

هاوشێوازە میتافیزیکیەکانی وەك ئەو شێوازانەی نیچە تێیدا ژیاوەو هایدگەر تۆماریکردوون، دەکرێت لەو کۆمەڵگەیەدا قسە لەسەر مەرگی هونەرو وێژە بکرێت، ئایا شتێك هەیە لە ناو کۆمەڵگەی ئێمەدا پێیبوترێت مەرگی هونەر، یان مەرگی شیعرو ژانرەکانی تری ئەدەب؟..

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، ئێستا هێندەی تەماشای سەرجەم پاشماوەو جێکەوتەی میتافیزیکی لە ناو زەینیەتی تاکی کورددا دەکرێت، ئەوەندە لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتیەوە ئاسۆو پانتایی بەرهەمی هونەری و وێژەیی و شیعرییەکان لێکنادرێتەوە، زۆرجار کە ئەم ژانرانە بەخەیاڵی ڕووتی دانەرانیانەوە پشتبەستوودەبن، مەرج نییە دەقاودەق هاوشێوەی واقیعە کۆمەڵایەتیەکان بن، چونکە زۆربەی ژانرەکان بە پێی خەسڵەت و شێوازی دانان و نوسینیان بە ڕادەیەکی کەم یان زۆر، دەکرێت دژکاربن، یان بە هەر چەمکێکی تر قابیل بە ئاڵوگۆڕکاری بن، دەشکرێت بنەچەو دەلالەتە ئایدیۆلۆژی و فیکریەکانیشیان ڕاڤەی جیاواز جیاوازیان لەوەی لە واقیعدا هەیە بۆ بکرێت، هەر کاتێك ژانری ئەدەبی و هونەری تایبەت بێت بە کەشوهەوای ئەو ڕووداوانەی، کە پێکهێنەری ئەو سنوورە ئەنتۆلۆژیە مێژووییەن، کە لە ناویدا خودی زاتەکان بزاڤ دەکەن، یان ئەگەر ئەو سنوورە بریتی بێت لە ئاڵۆزبوونی ڕووداوە مێژوویی ـ کەلتورییەکان و ئەو سیماو شێوازو ناوەڕۆکانەی تایبەتمەندن پێوەیان، بەم پێیە مەرگی هونەرو وێژە لەو کاتەدا تۆماردەکرێت، کە ژانرە هونەری و ئەدەبیەکان بۆ خۆیان پەیامێکی تۆباوی دوور لە واقیعیەت بن بۆ کۆمەڵگەیەك، کە تێیدا هونەر چیتر دیاردەیەکی جۆرایەتی نەبێت لە ناو زەین و ڕۆحی تاکەکانیدا، بەڵکو ئیستاتیکا لە واقیعدا تێیدا وەلانرابێت و، جوانیەکی ڕووکەشانەی سەرپێیی گشتیکراو شوێنی گرتبێتەوە، ئەوەی ئێستا لە واقیعدا دەگوزەرێت، بریتیە لە تێکشکانەکانی ئاخافتن و، یادوەریەکانیش لەسەر شێوەی مردنن، ئەمە پێویستی بە وزەیەکی داهێنەرانەیە، تا ئەدیبان و هونەرمەندان دووبارە پاکژی بکەنەوەو بەشێوەیەکی کامڵبوو لە نێو فۆرم و ناوەڕۆکدا بیکێشنەوە، گەرچی کاری ئەدەبی و هونەری ڕاستەقینە، هەرگیز خۆیان بەو سیما مەزنەوە پیشاننادەن، کە میتافیزیکا پێیاندەبەخشێت، بۆیە پێویستە بە دواداچوونی کردەی هەڵکۆڵین و تێڕامان وەك ئەو کردەیەی هایدگەر، کە بەردەوام جەختی لەسەر دەکردەوە، هونەرمەندان و ئەدیبانیش تەکریسی بکەنەوەو ببێتە ئەرکێك بۆ نووسین و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی ئەمڕۆی ناوەندەکانی هونەری و ئەدەبی لە کوردستاندا، پێویستیش ناکات هەمیشە هەڵوێستێکی سۆفیانەی تێڕامانکاری پەتی بگرینەبەر، لە ئاست ئەو شتانەی لە نێو ڕستە پێدراوەکاندا شاردراونەتەوە، حەقیقەتی بوون بە لای هایدگەرەوە لە شێوەی یادەوەری و یادکردنەوەدا خۆی نمایشدەکات، ئالێرەوەیە بۆئەوەی ژانرەکان لە شێوەی نیهلیستیدا نەمێننەوە، باشتروایە وتەو کردارەکانی داهێنان بگۆڕدرێن و ببنە پەیکەرێك بۆ یادەوەری ژیاندۆستانە..

